# مۆنومێنتی ئەنفال بۆ لە هەولێر!

## ئەمجەد شاکەلی

2005/3/16، سەرۆکی حوکوومەتی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی، بەردی بناخەی مۆنومێنت(نیشانە یا پەیکەر)ێکی بۆ ئەنفال و شەهیدان لە هەولێر دانا. ئەو ڕێوڕەسمە بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک بەرپرس و خەڵکانی حیزبی و کارگێران و ئەندازیاری ئەو مۆنومێنتە(خوسرەو جاف)، دانرا. من دانانی پەیکەر یا نیشانەیەک بۆ ئەنفال و شەهیدان بە کارێکی پیرۆز و باش دەزانم و پێموایە یادکردنەوەی شەهیدان و بە تایبەت قوربانیانی ئەنفال، دەبێ وەک کارێکی هەمیشەیی بێت و هەرگیز ڕاوەستانی تێدا نەکرێت و بەردەوام بێت. دیارە ئەنفال تا ڕادەیەک هەموو دەڤەرەکانی باشووری کوردستانی گرتەوە، بەڵام ئەو دەڤەرەی، کە لە هەمووان زیاتر بەرکەوت و تێداچوو و ئەنفال کرا و زیانمەند بوو، گەرمیان و کەرکووکی پێتەختی بوو. مرۆڤ، کە باسی ئەنفال دەکات و وشەی ئەنفالی بەرگوێ دەکەوێت، دەسبەجێ تەواوی بیر و خەیاڵی بۆ کەرکووک و گەرمیان دەڕوات و ئەو دەڤەرەی دێتە پێش چاو و دەسبەجێ پڕ گوێی دەبێت لە شین و شەپۆڕ و زریکە و قیژە و گریانی ژن و پیر و لاو و منداڵی ئەنفالکراو. کە کەرکووک "دڵ" و "قودس" و "پێتەختی کوردستان" و "کرۆکی کێشەی کورد" بێت، بە پێی سەرکردەیەتیی سیاسیی کورد و دەسەڵاتدارانی کوردستان، کە کەرکووک بۆ خۆی ئەنفالستان بێت و هەموو بستە خاک و زەوییەکی گەرمیان و کەرکووک ئەنفالگەیەک بێت، ئیدی بۆچی پەیکەری ئەنفال لە هەولێر دروست دەکرێت؟ سەرکردەیەتیی سیاسیی کورد، دەبوو هەموو هەوڵ و توانست و کۆشش و ئاوەزێکیان وەگەڕخستبا، بۆ ئەوەی لە هەموو کار و هەنگاو و بڕیارێکیاندا، ئەگەر تاکە یەک میللیمیتریش لە کەرکووک بچنە پێشەوە و تاکە یەک میللیمیتریش کەرکووک بەرەو ئامێزی بەشە ڕزگارکراوەکەی کوردستان بهێننەوە، سستی نەکەن و دوودڵیی نەکەن و هەرچی زووترە بەرەوپیری بچن. ئەگەر تیۆری "بێپا و پادار"، بکەینە پێوەرێک بۆ هەڵسوکەوت و مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە یا شتە یا بارە، گرنگ و گرنگتر و گرنگترینەکاندا، ئەوا هەولێر و سلێمانی و دهۆک بێپاکانن و کەرکووکیش پادار. کەرکووک پادارە گرنگترینەکەیە و دەبێ وەپێشی هەموو ئەرکەکانی دیکە بخرێت. سەرکردەیەتیی سیاسیی کورد دەبوو و دەبێ لە هەموو کارێکیدا وەها بیربکاتەوە و پادارەکە بگرێت و گرنگییەکی پتری پێ بدات، نەک بێپاکان. تۆ کە مۆنومینتێک بۆ هەڵەبجە و شەهیدانی چێ بکەیت، باشترین و شایستەترین جێگە بۆ ئەوە هەڵەبجەیە. مۆنومێنتی ئەنفال و مۆزەی ئەنفال و هەموو شتێکی پێوەندار بە ئەنفالەوە دەبێ لە کەرکووک بێت و چێبکرێت، نەک لە شوێنەکانی تر. ئەگەر مۆنومێنتەکە بۆ تەواوی شەهیدانی کوردستانیشە، بە ئەنفال و کوردانی فەیلی و بارزانییەکان و هەڵەبجە و هەموو ئەوانی دیکەشەوە، ئەوا هێشتا کەرکووک شایستەترین جێگەیە بۆ ئەوە.

2005/3/20